دەزگای ئاسایش هۆشداری دەداتە ئەو گەشتیارانەی کە کارتی بانکی لە فڕۆکەخانەی هەولێر بەکار دەهێنن

ئەمە پێنجشەممە دەزگای ئاسایشی هەولێر ئاگاداریەکی بە ئەو گەشتیارانەی دەرەوەی وڵات بڵاوکردەوە کە کارتی بانکی ڤیزا و ماستەر کارتیان کارا کردووە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە کە بەوەبەرایەتی ئاسایشی دارایی سەر بە بەوەبەرایەتی گشتی ئاسایش، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت کارتی بانکی بەتەنیا بەناوی گەشتیارەوە تۆمار کرابێت، بە سودمەند بوون.

ئەگەر ناوی سەر کارتە بانکیەکە لەگەڵ ناوی گەشتیار و بەکارهێنەر یەک نەبێت ئەوا دەست بەسەر کارەکە دەگیرێت و بەکارهێنەرەکەی دەستگیر دەکرێت و ڕووبەڕووی یاسا دەبێتەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە ئەگەر گەشتیارەکە خاوەنی چەندین کارتی بانکی بێت لە جۆری ڤیزا کارد یان ماستەر کارد کە بەناوی خۆیەوە تۆمار نەکرابێت، ئەوا دەستیان بەسەردا دەگیرێت و هەڵگری کارتەکە لەبەردەم یاسادا بەرپرسیار دەبن و جگە لە هەڵوەشاندنەوەی کارتەکە.